

# بنەما مۆڕاڵییەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردی

## لە هەولێر نووسەر دەفڕێنن

## لە سلیمانی نەخشەی تیرۆری نووسەر دەکێشن

## جەزا چنگیانی

لە کاتێکدا میدیاکانی پارتی بە وێنەکانی مەسعود بە بەرگی کوردیەوە لە کۆشکی سپیٚ سەرگەرمی خووساندنی ئاوزانی مرۆی کوردی سادەن .چەقۆوەشێنەکانی پاراستن لە هەولیرنووسەر و ڕۆشنبیری کورد بەڕێز دکتور کمال یان فڕاندووە .فڕاندنی مرۆڤ بەهەر هۆیەکەوە بێت پیشەی گروپی مافیایە . دورە لە هەموو بنەما مۆڕاڵیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای مۆدیڕن و دیموکراتی یە . زۆردەمێکە من فشەم بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای گەوجی کوردی لە سایيەی دوو دەسەلاتی تا سەر ئیسقان دیکتاتۆر و پڕیمتیڤی وەك یەکیتی و پارتیدا دێت . بۆیە چاوەڕوانکردنی فڕاندن و سوکایەتیکردن بە کوردی ڕەسەن و مرۆدۆست و ڕۆشنبیر لە سیستەمی مۆڕاڵ و بیرکردنەوەی ئەواندا نەك کارێکی نۆی نیە و بەڵکو بەشێکە لە موڕاڵیان. ئەی ئەوەنیە ئەو دوو ڕێکخراوە میژوویەکی شەرمەزاری و پڕخۆینیان بۆ نەوەکانی داهاتوو نووسیوەتەوە ژیانێکی پڕ گەندەڵی و دزین و برسیتیان بۆ سەرجەم مرۆکانی باشوری کوردستان دروستکردووە !!!.ئەی ئەوە نیە نووسەرانی دەستور و سەرۆك کۆماری عیراق جەلال ئێمەی نەتەوەی و

**کوردی دژ بەدەستوربە(تیرۆریست)ناوزەند دەکەن** *

سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ:

**ئەوانەی بە (نا) دەنگیان بۆ دەستوور داوە لایەنگری تیرۆرستانن**



**رادیۆی سەوا:** بەڕێز جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ رایگەیاند کەوا ئەو عێراقییانەی لە پرۆسەی راپرسیدا بە (بەڵێ) دەنگیان بەدەستووری هەمیشەیی داوە، لایەنگری دیموکراسیەت و ئازادی و مافی مرۆڤن، ئەوانەش بە (نا) دەنگیان داوە لایەنگری تیرۆر و رێکخراوی ئەلقاعیدە و عەرەبە شۆڤێنییەکانن، تالەبانی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دەستووری هەمیشەیی عێراق گەلی کوردی گەیاندە قۆناغێکی نوێ و چیتر کورد پێویستی بەوە

بۆل 13 *

***لە بنەما هەرە پیرۆزەکانی پرۆسێسی دیموکراتیدا ئازادی تاکی کۆمەڵە لە دەنگدان یان دەنگنەداندا*** . ئەی سەقەت ( وەك ئەندامێکی پارتی سەوزی ئەڵمانی و دوای هاوبەشیکردنی ئەڵمانیا لە جەنگی ئەفغانستان من دەنگم نەدا بەپارتەکەم وکەسێك نەبوو پێم بڵی تۆ هاوکاری تیرۆری تاڵەبانی ئەفغان دەکەیت ) دەبێ دیموکراتێکەی جەلال زۆر لە دیموکراتی ئەڵمانییەکانی خاون هێگل و کانت ونیچە بەرزتربێت!!.تێنەگەیشتنی تاکی کورد لە ژیان و سەربەستی دیکتاتۆر دروستدەکات بۆیە تەمەنی دیکتاتۆرە کوردەکان درێژ و توانایان فرەیە چونکە مرۆڤی کورد نازانی مانای ژیان چیە شەرمن و دەبەنگەلە ئاستی مافەکانیاندا.ئەوی ئیمڕۆ بەرامبەر بە بەڕێز دکتور کمال کراوە بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانە کراوە کە ڕێزی مرۆڤی کوردیان لایە.بۆیە بێدەنگ بوون لێ بێدەنگ بوونە لەسوکایەتی پێکردنی کەرامەتی مرۆی

**میللەتێك كە بۆ ئازادی ملوینی قوربانی داوە . ئەمە لە هەولێر ... با بزانین چەقۆوەشێنەكانی ئاسایشی سلیمانی چین ....؟**
**كاتێك سكاڵانامەكەی مەلا بەختیارم لە سایتی كوردستان نێتی جەربەزەدا خوێندەوە كە پاكانەی ئەوە دەكات 700,000 حەوت سەد هەزار دۆلاری لێنەدزراوە .... وتارێكم لە 2005/10/11 بەم ناونیشانە (دزەكان مەلایەكی دزیان گرت ) نووسی لەو وتارەدا ئاماژەم بە چەند قسەیەكی بەڕێز مامۆستا فازیل ( جعفر ) هاوڕی و هاوشاری مەلا بەختیار كردوە كە كاتی خۆی ( لە سەردەمی ئۆپۆزسیونی یەكیتیدا ) لە سەردانێكیدا بۆ لام لە شاری فرانكفۆرت ئەڵمانیا بۆی باسكردم كە مەلا بەختیار لە ژیانیدا چەند ڕۆژێ كریكاری بۆیاخی ماڵانی لە خانەقین كردوە( ئیتر چۆن دەتوانی خۆی بە نوێنەری پرۆلیتاریا وماركسی كورد دابنێ ) لە سایكۆلۆژیتی نامەكەی مەلادا ئەوە ڕوونە كە بڕی ئەو پارەیە هەیە و نەدزراوە ....بێگومان ئەو بڕە پارەیە لای سیاسەتمەدارێك كە هیچ سەرچاوەیەكی بۆ كۆكردنەوەی سامان نەبێ و لە كۆمەڵگا و دەسەڵاتێكدا كە نەك من هەموو دانیشتوانی سنووری یەكیتی دەزانن چ گەندەڵییەك بەرپا بووە خۆشیان نكۆلی لێ ناكەن كۆكردنەوەی ئەو بڕە پارەیە لە ( دزی سیاسی)زیاتر چی تر نیە كە بێگومان پارەی برسێكان و كەس وكاری شەهیدەكانە !!؟؟ كەواتە ئەم هەواڵە لای ڕۆژنامەنووس و نەتەوەییەكانی كورد ببێ بە پرسیارێكی گرنگ و ڕۆژنامەوان و میدیای زرنگ لەسەری بێنە زمان . خۆشبەختانەئیستا چەند كەسانێكی ماندوو نەناسی ڕۆشنبیر و مرۆ دۆست شەو ڕۆژ دەخەنە سەریەك و پەنجەرەی سایتە كوردیەكانیان بە ڕووی نووسەرانی مرۆ و كورددۆستدا واڵاكردوە ئەمەش دەسەڵاتی دیكتاتۆری باشوری كوردستانی توشی هیستریاكردوە بۆیە دوای بڵاو بوونەوەی ووتارەكەم لە سایتی تەویڵبەرزی نەتەوەی( كوردستان نێت ) ی كاك عومەر فارس دا .. مەلا بەختیار و جەعفەر دەبێت بە دەمەقاڵیان.مەلا گلەیەكی زبرلە بەڕێز مامۆستا جەعفەردەكات . مامۆستا جەعفەریش بۆ ئەوەی دڵی مەلای لێنەڕەنجی و كارە نۆیكەی لە دەستنەچیت ڕۆژی 31-10-2005 لە ژمارەی 3118 ڕۆژنامەی كوردستان نۆی لاپەڕەی ئازاد (8)** *داوای كوشتنی ( من و ئەو نووسەرانە كە ڕەخنە دەگرن بە چەكی (هاوەن و تۆپ ) دەكات* ... تكایە بڕوانە ئەم بەشە**

وەرگیراوەی ووتارەکەی بەڕێز مامۆستا جەعفەر .... کلاشینکۆف , هاوەن . تۆپ . بڕنەو ئامیرەکانی یاسای گەوجی شاخن ئەم بەڕێزە و مەلا وجەلالی سەرکردەیان چونکە پەروەردەی ئاوزانی شاخن بۆیە بۆ چارەسەری گرفت و دیالۆگی ئۆپۆزسیوینیان لە جیاتی گۆی لەیکگرتن و نزیك بوونەوەهەڵبژێرن ... چەکی ( هاوەن ) بۆ نووسەرێ بەکاردەهێنن کە بە وتارێك پەردەی لەسەر دزێکی سیاسی هەڵداوەتەوە یانی تیرۆرکردن ئەم بەڕێزە مامۆستا فازیل لە کاتێکدا ئەم چەکی ( هاوەن )ە دژی ڕۆژنامەنووسیك بەکار دەهێنێ کە چەند ساڵی تەمەنی لە کۆمەڵگایەکی مۆدیرن ( ڕاقی ) وەك ئەڵماندا وەك پەناهەندە . مامۆستا , نووسەر و وەرگێڕ و ژیانی لە تەك خانمێکی بەڕێزی ئەڵمانی وەك هاوسەر گوزەر پێکردوە و خاوەنی بڕوانامەی ماجستەر بێت لە بۆاری سۆسۆلۆگیدا ... دوای ئەمانە ئەمە هەڵویستی بێت دەبێ جەلالیەکی کولکە نەخویندەوار چون مامەڵە لەتەك ڕۆژنامەنوسدا بکات ؟ ( لە موراڵی بەعس ) زیاتر. ئەم بەڕێزە هێندە نووسینەکانی منی لا پەسەند بوو کاتی خۆی کە چاوپێکەوتنەکەی هاژەخانم لە ساڵی 1996 لە مانگنامەی هەتاودا بلاوکردەوە دوای پیرۆزبای لێکردنم داوای ئەوەیکرد ڕێگەی بدەم وەربگیرێتە سەرزمانی ئەڵمانی تا کەسانی ئەڵمانی لە پۆخلاواتی جەلالیەکان بگەن بە سوپاسەوە وەریگیڕایە سەرزمانی ئەڵمانی .کاتێك بەڕێز کاك نەوشیروان لە پەرتوکیکدا هەندی ڕستەی لەسەر بەڕێز مامۆستا جەعفەر نووسی بوو سوپاس بۆ کاك نەوشیروان دانەیەکی لەو پەرتوکەی بە دیاری بۆ ناردم لە سەردانیکمدا بۆ شاری ( گۆتنگین ) شاری جێنشینی بەڕێز مامۆستا جەعفەر باسی ئەو پەرتووکەمانکرد . مامۆستا جەعفەر زۆر توڕە بوو تەنانەت لە جیاتی ناوی کاك نەوشیروان بهێنی ووتی وەڵامی ئەو کابرایەم داوەتەوە بەلام بلاوی ناکەمەوە لە بەر ئەوەی پارتی لەم کاتی شەڕەدا کەڵکی لێوەرنەگریت . ئەو بەڕێز بە مافی خۆی دادەنی و ڕاستیشە وەلامی سکرتیری کۆمەڵە کاك نەوشیروان بداتەوە وەلی . ڕێگە نادابە ڕۆژنامەنووسێك و سایتە کوردیەکانی وەك کوردستان نیت و کوردستان پۆست ڕەخنەیەك لە سەر مەلایەکی دز بلاوبکەنەوە . من پێموایە ڤایرۆسەکە لەوەدایە هەر کەسێك ( ڕۆژێك جەلالی بوو‌بێت یان ببێ بە جەلالی ) لە هەموو موڕاڵێکی مرۆی دوردەکەوێتەوە .... بۆیە بەڕیز مامۆستا جەعفەر دوای ئەو هەموو تاوانانەی لە جەلالیەکانی بینوە .... گەڕایەوە بۆ قوتابخانەکەی خۆی لە جیاتی زمانی گوللەی کلاشینکۆف گوللەی هاوەن بۆ ڕۆژنامەنووسێك بەکار دەهێنێ . بەڕێز

**مامۆستا جەعفەر وەك هەڵگری پەساپۆڕتی ئەڵمانی و خاوەنی دوو منداڵی ڕەگەز ئەڵمانی دەكری لە سەر ئەو نوسینەی وەك تیرۆرستێك پەلكیشی دادگای ئەڵمانی بكریێ.**



مامۆستا جەعفەر ( فازیل كەریم ئەح

## بەشی سێیەم و كۆتایی

دڵنیام گەلی كورد رۆژێ، تووشی بیست هەڵدێری هەزار بەهەزار دەبوو... هەزار حەمدوسەنا، كە نووسەر ئەوەندە زۆرەو كارەباشمان ئەوەندە كەمە.

* ئێمە، كە دەنووسین هیچ گوێ بەتەكنیكی نووسین، قانوون، هەستو نەستی خەڵك نادەین. لەم رۆژانەدا مەقالێكم خوێندەوە، باسی ئەوە دەكات، نووسەرێكی تر لەسەر ئینتەرنێت (جوێننامە) یەكی بلاوكردۆتەوە. هەروەكو رێبازی (هەڵە) بەهەڵە چارەسەر كردن (كەسی شێتانە بەردم تێ بگرێت، من بەرقی تێدەگرم) ئەمە بۆچوونی سۆفییەكی گەورەو شاعیرێكی مەزنی وەكو (مەحوی) یە. بە (بەرق) واتە: بەهەورە تریشقە، وەلامی (بەرد) ێك دەداتەوە. ئەو شاعیرە فێری نەكردووین بلێین: ئەوەی شێتانە بەرقمان تێ بگرێت، بائێمە گوڵی تێ بگرینو هەڵە بەهەڵە چارەسەر نەكەین. ئیدی بۆ من گلەیی لەنووسەرێكی ئەم سەردەمە بكەم، بە (جوێننامە) وولامی (جوێننامە) بداتەوە! هەق وایە لەمەودوا، ئێمە بەتۆپو هاوەن بەرسیڤی رەخنەی بەجێو نابەجێ بدەینەوە. كارەسات ئەوەیە

- **ڕۆژنامەی خەبات ژمارە** 1961 **ڕۆژی** 30/10/2005
- **ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ ژمارە**3818 **ڕۆژی** 10/30/2005

**خوێنەری بەڕێز بۆ ئەوەی لەو ڕاستیە بگەیت من لەو ووتارەدا ( جنیوم ) بە كەس نەداوە داكۆكیم لە هەژارانی گەلەكەم وكەس و كاری قوربانییەكانی كردوە تكایە بگەڕێرەوە بۆ سایتی كوردستان نیت ڕۆژی** 02/10/2005

**سان پیترسبۆرگ** ..02/11/2005


Jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de